## دەست لە كار كێشانەوەكەی فەرید ئایار و راستییەكانی دوورگەی واق واق! .. چیمەن ساڵح

بەر لە هەفتەیەك میدیاكان زۆر بە گەرمی هەواڵی دەست لەكاركێشانەوەی فەرید ئایاری شارەزای راگەیاندن و ئەندامی كۆمسیو َنی باڵای هەڵبژاردنەكانیان بڵاو كردەوەو، ئەمرۆ ئایار خۆی هەواڵەكەی بە درو َخستەوە.

ئایار دەست لە كار دەكێشێتەوە ناكێشێتەوە، هیچ گرنگ نییە، بەڵَم برگەیەكی زۆر سەرنج راكێش و نامۆ بە ئێمە لە هەواڵەكەی میدیاكاندا بوو، دەیگوت " (ئایار مەبەستی دەست لە كار كێشانەوەكەی ئەوەیە، بوار بدری خوێنی تازە بێنە مەیدانەكەوە و شارەزایی خۆیان تاقی بكەنەوە و پەرەی پێ بدەن) ئەگەر چی ئایار ئەو شەرەفەی بە خۆی رەوا نەبینی و تا بڵێین كراسێكی لێ دادڕن! تۆ بڵێی لە دوورگەی وا ق واقدا كە تازە گەیشتونەتێ كاری وا روبدات و، دەرگا بۆ خوێنی تازە بكرێتەوە ویان هیچ نەبێ ئەوانەی زۆر كۆن هەر پشوو بدەن هیچی تر نا؟!

پێشبینیش ناكەم لە ئایندەیەكی نزیكدا، خەڵكانێك هەبن بە خۆیان رەوا ببینن. بەڵام هەر بوونی ئەو رستەیە لە هەواڵیشدا بێهەر خۆشە، بە ڵكو لە كوردستانیشدا ببیسترێت و پەردەی گوێبلەرێنێتەوە و رووح ببات.

ئیتر بووە بە باو دەبێ خوێنە كۆنەكان هەر ك َون و كۆن بن، و تازەكانیش بێن و كۆن بن، تازەی تازەكانیش بێن و كۆن بن و تەنیا مردن مەیلی كورسی ببڕی! هەمیشە دامو دەزگا و دەسەڵات لەخەمی ك َونەكاندا بێ َ ئەگەر خوا نەخواستە رو َژێك بێ كورسی بن، بەڵام ئەوەی تازە هەستی پێدەكات، ئەگەر شتێكی زۆر بچووكیش بێ لە بە رامبە ر خزمەتێكی زۆر كەس خەمخۆری نەبێ!